# ئاشتی خوازان



ئاشتی خوازان

چاپی دووەم ٢٠٠٤هەولێر

مافی چاپکردنی پارێزراوە بۆ کۆمەڵەی دەولی کتێبی پیرۆز

نووسینگەی هەولێر- سندوقی پۆستە ٤٣٩

چاپی یکەم ١٩٩٦

PEACE MAKERS

Second edition 2004
Copyright © IBS
ISBN 1-56320-959-4
Erbil brunch – P.O.Box 439
First edition 1996

## پێشەكی

هەر لەو رۆژەی قابیل هابیلی* كوشتوە تاكو ئەم رۆژانەی دوایش وئیستاش، برا كوژی هەر بەردەوامە بۆ چەندین ساڵ وبەتایبەتیش لەم سەردەمە نوێیەی ئەوم دوایەدا بەتایبەتیگەلی كورد زۆری لەم (تراژیدیلیە) چەشتووە،وە هەزاران كەس لەم خەڵكە هاواری خودایان كردووە بۆ ئاشتی، تاكو ئیستاش هەزارانی تر هەن سوورن لەسەر تۆڵە، وە لێخۆش بوونیش لەو كەسانەی كە هەڵیان بەرامبەریان كردووە بەهەموو شێوەیەك ڕەت دەكەنەوە. ئینجا چۆن دەتوانین ڕێگا چارەیەك بدۆزینەوە بمانگەیەنێتە ئاشتی؟

(پیرۆزبایی لە ئاشتی خوازان) ئەوە ووتەی عیسایە، چونكە ئەو خۆی بەر لەدایك بوونی بە (٧٠٠)ساڵ لە لایەن پێغەمبەر ئەشعیاوە** بە (سەرۆكی ئاشتی) ناوبراوە بۆیە ئێمە ڕوودەكینە ئەو وفێركردنەكانی تا ڕێبازی ئاشتی فێربین. ئەم ووشانەی عیسا بەشێكە لە فیركردنەكانی پێشكەشی دەكەین، ئەوەی بەپێی نوسینی (مەتتا) نوسراوە لە بەشی (٥، ٦، ٧) ئەمەش ناسراوە بە (ووتاری سەرچیا).

(مەتتا) كابرایەكی باجگر بوو، كاتێ عیسا داوای لێ كرد دوای بكەوێت ئیشەكەی خۆی جێهێشت ودوای كەوت، لە (٢٠ساڵ تاكو ٤٠ساڵ) پاش مردنی عیسا مەتتا وانەكانی عیسا بە زمانی یۆنانی نووسییەوە، هەروەها خودا ڕۆحی پیرۆزی خۆی ڕەوانە كرد بۆ مەتتا تاكو هەموو ئەو ووشانەی عیسا ووتبووی بە بیری بهێنێتەوە..هەر بۆیەش دەتوانین ووشەكان بە باوەڕ پێكراوییەوە بخوێنینەوە هەر وەك لە ڕاستیدا ووشەكانی عیسا خۆیەتی، ئەم ووشانە لەزمانی یۆنانی بنەچەوە بە گرنگیەكی مەزن وبایەخ پێ دراوەوە بۆ زمانی كوردی وەرگێردراوە وە ئەو مانایەی لەزمانی یۆنانی دەیدات هەمان مانا ومەبەست لە زمانی كوردی دا بەتەواوی دابین كراوە..

مەبەستی مەتتا لە نوسینی ئەم پەرتوكەدا ئەوە بووە ئێمە تێ بگەین كە عیسا مەسیحە، ئەو مەسیحەی پێغەمبەرەكان پێشبینیان كردبوو ولەوبارەیەوە دووابوون، ئەو مەسیحەی كە هات ئەشكەنجە بدرێ وبمرێ تاكو بۆ خەڵكی ئاشتی بەرپابێ لەگەڵ خودا وئاشتی لە نێوان خۆیان دا هەر یەك لەگەڵ ئەوەی تر.

لەم پەرتوكە دا عیسا داوامان لێدەكات كە ژیانمان بەسە ربەرین لەسەر بنەڕەتی ئەوەی كە ئێمە باوكمان هەیە لە ئاسمان، خواییكی بەتوانا، كە گشت خەڵكی خۆش دەوێت، خەڵكی باش وبەدكار وەكو یەك، ئەو خودایەی گشت پێویستییەكانمان دابین دەكات وهەموو نهێنییەكانمان دەزانێت، وداوامان لێدەكات بە ڕوخساری دەرەكی شەریعەت نەژین، بەڵكو بەمانای ناوەوەی شەریعەت بژین،هەروەها داوامان لێدەكات تەواو بین، هەر وەك باوكی ئاسمانیمان تەواوە وئەوەی كە زۆر گرنگە لە ژیانمان دا، گوێ ڕایەڵی ڕاسپاردەكان بین ومەسیح وەكو پادشا لەسەر ژیانمان بێ، تەنها بەم بانگەوازە ژیان بەرینە سەر وئەو داوایە ناكرێت بەبێ هێز كە لە ڕۆحی پیرۆزەوە دێت. هەروەها بەم داوایانە دبین بە ئاشتی خواز، وە ئاشتی دەهێنین بو جیهانی بەش بەش كراومان.

---

* قابیل وهابیل: هەردوكیان كوڕی ئادەم وحەوا بوون قابیل هابیلی برای كوشت بەمە یەكەمین تاوانی كوشتن لەجیهان ڕووی دا.

** ئەشعیا: یەكێكە لە پێغەمبەرە گەورەكانی جولەكە.

# ئینجیلی عیسا بە پێی نوسینی مەتتا

## بەشی پێنجەم

### ووتاری سەرچیا

١عیسا کە خەڵکەکەی بینی، چووە سەر چیا، کە دانیشت قوتابیەکانی لێی نزیك
بوونەوە.
٢دەستی کرد بەفێرکردنیانو ووتی:
(٣خۆزگەدەخوازرێ بەوانەی هەژارن لەرۆح، چونکە پادشاهێتی ئاسمان بۆ ئەوانە.
٤خۆزگەدەخوازرێ بە لێوبەبارەکان، چونکە دڵنەوایی دەکرێن.
٥خۆزگەدەخوازرێ بە دڵنەرمەکان، چونکە زەوی بۆ ئەوان بەمیرات دەمێنێتەوە.
٦خۆزگەدەخوازرێ بەبرسیو تینوەکان بۆ ڕاستودروستی، چونکە تێر دەبن.
٧خۆزگەدەخوازرێ بە بەزەییدارەکان، چونکە بەر بەزەیی دەکەون.
٨خۆزگەدەخوازرێ بە دڵپاکەکان، چونکە خودا دەبینن.
٩خۆزگەدەخوازرێ بەئاشتیخوازان، چونکە بەرۆڵەی خودا ناودەبرێن.
١٠خۆزگەدەخوازرێ بەچەوسێنراوان لەپێناوی ڕاستودروستی چونکە
پادشاهێتی ئاسمان بۆ ئەوانە.
١١خۆزگەدەخوازرێ پێتان، کاتێ خەڵك جنێوتان پێدەدەنو دەتانچەوسێننەوە،
لەپێناوی من بوختانتان پێ دەکەن.
١٢دڵخۆشو شادومان بن، چونکە پاداشتتان مەزنە لەئاسمان. ئاواش پێغەمبەرانیان پێش
ئێوە چەوساندۆتەوە!

## خوێی زەوی ورووناکی جیهان

(١٣ئێوە خوێی زەوین، بەڵام گەر خویَ سوێریەکەی لەدەستدا، چۆن تامە
سوێرەکەی بۆ دەگەڕێتەوە؟ بەکەڵکی هیچ نایەت، ئەوە نەبیَ فڕیَ بدرێتە دەرەوەو
خەڵك پێشێلی بکەن.



١٤ئێوەن ڕووناکی جیهان،
شارێك لەسەر شاخ دروستکرا
ناتوانریَ بشاردرێتەوە.

١٥هەروەها خەڵك چرا هەڵناکەن تا بیخەنە ژێر تەشتەوە،
بەڵکو لەچرادانەکەی دایدەنێن،
تاکو ڕووناکی بدات بەهەموو
ئەوانەی لەماڵەکەدان.
١٦بەهەمان شێوە با
ڕووناکیتان بۆ خەڵك
بدرەوشێتەوە،
هەتا ئیشە باشەکانتان ببینن
وستایشی باوکتان بکەن کە لەئاسمانە.



## تەواوكردنی شەریعەت

[١٧] وابیرنەكەنەوە من هاتووم شەریعەت یان ووتەی پێغەمبەران لابەرم، من نەهاتووم لایبەرم، بەڵكو تەواوی بكەم. [١٨] ڕاستیتان پێدەڵێم: هەتا زەوی‌و ئاسمان لەئارادابێ، ووشەیەك یان خاڵێكی شەریعەت لــەناو ناچێ، تاهەمووی دێتەدی. [١٩] ئەوەی سەرپێچی خاڵێكی بچووكی ئەم ڕاسپاردانەی كردو خەڵكی فێركرد وابكەن. لەپادشاهێتی ئاسمان بەبچووكترین ناودەبرێ. بەڵام ئەوەی كاری پێدەكات‌و خەڵكی فێر دەكات، لەپادشاهێتی ئاسمان بەمەزن ناودەبرێ. [٢٠] من پێتان دەڵێم: گەر ڕاستودروستیتان لەمامۆستایانی شەریعەت‌و فەریسیەكان زیاتر نەبێت، بە هیچ جۆرێك ناچنە ناو پادشاهێتی ئاسمان.



## تووڕەبوون

(^٢١^بیستوتانە لەکۆندا بەخەڵك ووتراوە: { خەڵك مەكوژن، ئەوەی بکوژێت شایانی حوکم بەسەردانە. } ^٢٢^بەڵام من پێتان دەڵێم: هەر کەسێ لەبراکەی تووڕە بێت، شایانی حوکم بەسەردانە. ئەوەی بەبراکەی دەڵێ هیچوپوچ شایانی ڕاوەستانە لەبەردەم ئەنجومەنی باڵای جوولەکە، ئەوەش بەبراکەی دەڵێ بێمێشك شایانی دۆزەخە. ^٢٣^ئەگەر قوربانیەکەت بۆ قوربانگە هێنا، لەوێ بیرت کەوتەوە کە براکەت شتێکی بەسەرتەوەیە، ^٢٤^قوربانیەکەت لەبەردەم قوربانگەدا بەجێبهێڵەو بڕۆ یەکەمجار براکەت ئاشت بکەرەوە، ئینجا وەرە قوربانیەکەت پێشکەش بکە. ^٢٥^هەروەها لەگەڵ ئەو کەسەی ناکۆکە لەگەڵت، خێرا ئاشت بەرەوە هەر لەو کاتەی بەرێگاوەن بۆ دادگا، نەوەك بتداتە دەست دادوەرو دادوەریش بتداتە دەست پۆلیس، پۆلیسیش ڕەوانەی بەندیخانەت بکات. ^٢٦^ڕاستیت پێدەڵێم: هەرگیز لەوێ دەرناچی تا دوا پوول نەدەیتەوە.



## داوێن پیسی

(٢٧بیستوتانە ووتراوە: {داوێن پیسی مەکە}. ٢٨بەلاّم من پێتان دەڵێم: ئەوەی بە هەوەسبازی سەیری ئافرەتێکی کرد، ئەوا لەدڵی خۆیدا داوێنپیسی لەگەڵدا کردووە. ٢٩ئەگەر چاوی ڕاستەت توشی گوناهیکردی دەریبهێنەو فڕێیبدە، چاکتر وایە ئەندامێکی لەشت نەمێنێ، لەوەی هەموو لەشت بخرێتە دۆزەخەوە. ٣٠ئەگەر دەستی ڕاستەت تووشی گوناهی کردی، بیبڕەوەو فڕێیبدە، چاکتر وایە ئەندامێکی لەشت نەمێنێ، لەوەی هەموو لەشت بخرێتە دۆزەخەوە.

## تەلاّق

(٣١دیسان ووتراوە: {ئەوەی ژنەکەی تەلاّق دەدات، با تەلاّقنامەی بداتە دەست.} ٣٢بەلاّم من پێتان دەڵێم: ئەوەی ژنەکەی تەلاّق دەدات بێهۆی داوێن پیسی وای لێدەکات داوێن پیسی بکات. ئەوەش تەلاّق دراوێك بهێنێت، ئەوا داوێن پیسی دەکات.

## سوێند خواردن

(٣٣بیستوتانە لەکۆندا ووتراوە: {پێچەوانەی سوێندەکانت مەجوڵێرەوە، بەڵکو پەیمانت لەگەڵ خوداوەند بەرەسەر}، ٣٤بەلاّم من پێتان دەڵێم: هەرگیز سوێند مەخۆن، نە بەئاسمان، چونکە تەختی شاهانەی خودایە، ٣٥نە بەزەوی، چونکە جێی پێدانانێتی، نە بەقودس چونکە شاری پادشای مەزنە، ٣٦نە بەسەری خۆت، چونکە توانای ئەوەت نییە تاڵێکی ڕەش یا سپی بکەیت. ٣٧با قسەتان: بە بەڵێ بێت گەر وابوو، بە نەخێر بێت گەر وانەبوو، لەمە زیاتر لەشەیتانەوەیە.

## تۆڵەسەندن

([38]بیستوتانە ووتراوە: {چاو بە چاو، ددان بە ددان} . [39]بەڵام من پێتان دەڵێم: بەربەرەکانی خراپە مەکەن بەخراپە، ئەوەی کێشای بە ڕوومەتی ڕاستەت، ئەوی دیکەشی بۆ ڕاگرە. [40]ئەوەی ویستی کراسەکەت ببات، چاکەتەکەشتی بدەرێ. [41]ئەوەی ناچاری کردی یەك میل لەگەڵی بڕۆیت، دوو میل لەگەڵی بڕۆ. [42]ئەوەی داوای شتێکی لێکردیت، بیدەرێ. ئەوەی داوای قەرزت لێدەکات مەیگەڕێنەوە.

## خۆشەویستی دوژمنان

([43]بیستوتانە ووتراوە: {ئەوەی لێت نزیکە خۆشت بوێ} ، ئەوەی دوژمنتە ڕقت لێی بێتەوە. [44]بەڵام من پێتان دەڵێم: دوژمنەکانتان خۆش‌بوێو نوێژ بکەن بۆ ئەوانەی دەتانچەوسێننەوە، [45]بەمە دەبنە ڕۆڵەی ئەو باوکەتان کە لەئاسمانە، ئەو خۆری خۆی بەسەر چاكو خراپدا هەڵدێنێو بارانی خۆی بەسەر دادپەروەرو زۆرداریش دەبارێنێ. [46]ئەگەر هەر ئەوانەتان خۆش‌ویست کە ئێوەیان خۆش دەوێ، چ پاداشتێ وەردەگرن؟ ئایا باجگرانیش ئەمە ناکەن؟ [47]ئەگەر تەنها پێشوازیتان لەبراکانتان کرد، چ شتێکی مەزنتان کردووە ئایا بت پەرستەکانیش ئەمە ناکەن؟ [48]بۆیە ڕاستو تەواو بن، هەروەك باوکی ئاسمانیتان ڕاستو تەواوە.



## بەشی شەشەم

### خێرکردن

[١](نەکەن لەبەر چاوی خەڵك کاری چاکە بکەن،

بەنیازی ئەوەی بتانبینن.

ئەگینا پاداشتتان نییە لای باوکی ئاسمانیتان.

[٢]گەر خێرەکت کرد، زورنا لێمەدە، وەك دووڕووەکان لەکەنیشتو سەر

شەقامەکان دەیکەن،

تاخەڵك بەشانو باهویان هەڵبدەن.

ڕاستیتان پێدەڵێم: بەمە ئەوان پاداشتی خۆیان وەرگرت.

[٣]بەڵام تۆ کە خێرێکت لەگەڵ یەکێکدا کرد،

نەیەڵێت دەستی چەپت بەراستەت بزانیّ.

[٤]با خێرەکەت نەبینراو بێت، ئەو باوکەت کە هەموو نهێنیەك دەبینێت،

ئەو پاداشتت دەداتەوە.



## نوێژ کردن

٥کاتێ نوێژ دەکەن وەك دووڕووەکان مەبن کە حەز دەکەن بە پێوە لەکەنیشتەکانو
سووچی شەقامەکان نوێژ بکەن تا خەڵك بیانبینن. ڕاستیتان پێدەڵێم: بەمە ئەوان پاداشتی
خۆیان وەرگرت. ٦بەڵام تۆ کە نوێژ دەکەی، برۆ ژوورەکەت و دەرگا لەسەر خۆت
داخە، نوێژ بکە بۆ باوکی نەبینراوت، ئەو باوکەی هەموو نهێنیەك دەبینێت، ئەو
پاداشتت دەداتەوە.
٧کاتێ نوێژ دەکەن، ووشەکان ئەوەندە دووبارە مەکەنەوە، وەك بتپەرستەکان
دەیکەن، ئەوان وابیر دەکەنەوە بەدووبارەکردنەوە، خودا گوێیان لێدەگرێ.
٨وەك ئەوان مەبن، چونکە باوکتان دەزانێ پێویستیتان بەچییە پێش ئەوەی داوای
لـێبکەن. ٩دەتوانن ئاوها نوێژ بکەن:



(ئەی باوکمان لەئاسمان با ناوت پیرۆز* بێت،
١٠با پادشاهی تۆ بێت،
باخواستت لەسەر زەوی پەیرەو بکرێ وەك لە ئاسمان.
١١نانی ڕۆژانەمان ئەمڕۆش بدەرێ.
١٢لە گوناهمان خۆش بە،
وەك چۆن ئێمە لەوانە خۆش دەبین، کە خراپەمان بەرامبەر دەکەن.
١٣مەمان خەرە تاقیکردنەوە، بەڵکو ڕزگارمانکە لەشەیتان.)
١٤گەر لەهەڵەی ئەوانە خۆش بوون کە خراپەتان بەرامبەر دەکەن، ئەوا باوکی ئاسمانیتان
لەهەڵەکانتان خۆش دەبێت. ١٥ئەگەر لەهەڵەی خەڵك خۆش نەبوون، ئەوا باوکیشتان
لەهەڵەکانتان خۆش نابێت.

## ڕۆژووگرتن

(١٦کاتێ بەڕۆژوو دەبن، ڕووگرژ مەبن وەك دووڕووەکان، کە ڕووگرژ دەکەن بۆ ئەوەی بۆ خەڵك دەرخەن کە بەڕۆژوون.

ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەوانە پاداشتی خۆیان وەرگرتووە.

١٧بەڵام تۆ کە ڕۆژوو دەگری، دەموچاوت بشۆ،

بۆنی خۆش لەسەرت بدە،

١٨هەتا بۆ خەڵك دەرنەکەوێ کە بەڕۆژوویت،

بۆ باوکی نەبینراوت نەبێت، ئەو باوکەی هەموو نهێنیەك دەبینێت، ئەو پاداشتت دەداتەوە.

## گەنجینەی ڕاستەقینە

(١٩لەسەر زەوی سامان کۆمەکەنەوە، کە مۆرانە و ژەنگ خراپی دەکەنو دز بەشوێنی دەگەڕێو دەیدزێ. ٢٠سامانتان لە ئاسمان کۆبکەنەوە، کە مۆرانەو ژەنگ خراپی ناکاو دزیش بەشوێنیدا ناگەڕێو نایدزێ. ٢١چونکە سامانت لەکوێ بێت، دڵیشت لەوێ دەبێت.

(٢٢چاو چرای لەشە، گەر چاوت ساغ بێت، ئەوا لەشت هەمووی ڕووناکە، ٢٣ئەگەر چاوت خراپ بێت، ئەوا لەشت هەمووی لەتاریکیدایە، بەڵام گەر ئەو ڕووناکییەی تیاتدایە تاریکی بێ، ئاخۆ دەبێ چ تاریکییەك بێت. ٢٤کەس ناتوانێ کۆیلەی دوو گەورە بێت، چونکە ڕقی لەیەکێکیان دەبێتو ئەوەی دیکەی خۆش دەوێت یان دڵسۆزی یەکێکیان دەبێتو ئەوەی دیکە پشتگوێ دەخات. ئێوەش ناتوانن کۆیلەی پارەو خودا بن بەیەکەوە.

## خودا خەممان دەخوات

(٢٥بۆیە پێتان دەڵێم: خەمی ژیانی خۆتان نەبێت، ئەوەندە خەمی خواردنو خواردنەوەو لەبەرکردن مەخۆن.



ئایا ژیان لە خواردن زیاتر نییە؟
ئایا لەشتان لە جل وبەرگ گرنگتر نییە؟
٢٦سەیری باڵندەی ئاسمان بکەن.
نارِوێنیّ، درووێنە ناکات، شت لەعەمبار کۆناکاتەوە.
لەگەڵ ئەوەشدا باوکی ئاسمانیتان بەخێوی دەکات.
ئایا ئێوە لەو باڵندانە زیاترنین؟ ٢٧کیّ لەئێوە گەر خەمی ئەمانەی خوارد، دەتوانیّ یەك کاژێر لەژیانی زیاتر بکات؟



٢٨بۆچی خەمی بەرگتانە؟
سەیری گوڵی کێڵگە بکەن چۆن گەورە دەبێت،
بیّئەوەی هیلاك بێتو برِێسێت،
٢٩با پێتان بلێم:
تەنانەت سلێمانیش لەوپەڕی مەزنیدا وەك ئەو گوڵانەی لەبەرنەکردووە.
٣٠گەر بێتو خودا گیای دەشت ئاوها بپۆشێت، هەرچەندە ئەمرۆ هەنو بەیانی تەنوریان پیّ دادەخرێت، ئایا ئێوە ئەی کەم باوەڕینە، لەوان زیاتر نین تا پۆشتەتان بکات؟ ٣١خەم مەخۆن بلێن: چی بخۆین؟ یان چی بخۆینەوە؟ یان چی لەبەر بکەین؟ ٣٢ئەم شتانە هەمووی بت پەرستان هەولّی بۆ دەدەن. باوکی ئاسمانیتان دەزانیّ پێویستیتان بەمانە هەمووی هەیە. ٣٣ئێوە یەکەمجار داوای پادشاهێتیو راستودروستی خودا بکەن، ئەوانی دیکەتان هەمووی بۆ جیّبەجیّ دەبیّ. ٣٤ئەوەندە خەمی بەیانی مەخۆن، چونکە بەیانی خەمی خۆی دەخواتو هەر رِۆژێك بەشی خۆی گیروگرفتی هەیە.

## بەشی حەوتەم

### خەڵك تاوانبار مەكەن

[١] خەڵك تاوانبار مەكەن تا تاوانبار نەكرێن، [٢] چونكە بەو شێوەیەی خەڵك تاوانبار دەكەن ئێوەش تاوانبار دەكرێن، بەو پێوانەی بۆ خەڵك دەپێون، بۆتان دەپێونەوە. [٣] بۆچی سەرنج لەپووشی ناو چاوی براكەت دەدەیت، بەڵام ئاگات لەكاریتەی ناو چاوی خۆت نییە؟ [٤] یان چۆن بەبراكەت دەڵێیت: ڕێم بدە با ئەو پووشە لەچاوت دەربهێنم، لەكاتێكدا تەختە دارێك لەچاوی خۆتدایە؟ [٥] ئەی دووڕوو، یەكەم جار تەختە دارەكەی ناو چاوت دەربهێنە، تا باش ببینیت، ئەوسا پووشی ناو چاوی براكەت دەربهێنە. [٦] شتی پیرۆز مەدەن بەسەگ، مرواریشتان فڕێ مەدەنە بەردەم بەراز، نەوەك بەقاچی پێشێلی بكاتو بەسەرتان هەڵگەڕێتەوەو پارچە پارچەتان بكات.

### داوا بكەن، پێتان دەدرێ

[٧] داوا بكەن، پێتان دەدرێ. بگەڕێن، دەدۆزنەوە. لەدەرگا بدەن، لێتان دەكرێتەوە. [٨] هەر كەسێ داوا بكات، وەردەگرێ. ئەوەی دەگەڕێت دەدۆزێتەوە. ئەوەش كە لەدەرگا دەدات، لێیدەكرێتەوە. [٩] چ مرۆڤێك لەئێوە گەر مناڵەكەی داوای نانی لێكرد، بەردی دەداتێ، [١٠] یان داوای ماسی لێبكات، ماری دەداتێ؟ [١١] گەر ئێوەی خراپ بزانن شتی باش بەمناڵەكانتان بدەن، ئایا دەبێ باوكی ئاسمانیتان چەند شتی باشتر بدات بەوانەی داوای لـێدەكەن. [١٢] چۆن دەتانەوێ خەڵك هەڵسوكەوتتان لەگەڵ بكەن، بەهەمان شێوە هەڵسوكەوتیان لـەگەڵ بكەن ئا ئەمەیە پوختەی شەریعەتو فێركردنی پێغەمبەران

## دەرگای تەنگ

(١٣لە دەرگای تەنگەوە بڕۆنە ژوورەوە، چونکە ئەو دەرگایەی بەرەو لەناوچوون دەڕوات، بەرینەو ڕێگاکەی پانە و زۆریش لێیەوە دەچنە ژوورەوە. ١٤ئای چەند تەنگە دەرگاو چەند نارەحەتە ڕێگای بەرەو ژیان دەچێت، کەمن ئەوانەی دەیدۆزنەوە.

## ناسین بە بەروبووم

(١٥ئاگاداری پێغەمبەرە درۆزنەکان بن، ئەوان دێن بۆ لاتان، گورگن لەپێستی مەڕ.



١٦بەڵام بەبەروبوومیان بیانناسن،
ئایا دڕك تریێ دەگرێ
یان حوشترئالووك هەنجیر دەگرێ؟



١٧هەموو دارێکی باش بەروبوومی باش دەدات.
داری خراپیش بەروبوومی خراپ.
١٨داری باش بەروبوومی خراپ نادات،
هەروەها داری خراپ بەرووبومی باش نادات.
١٩هەر دارێك بەروبوومی باش نەدات دەبڕدرێتەوەو فڕێ دەدرێتە ناو ئاگر.
٢٠کەواتە دەتوانن بە بەروبوومیان بیانناسن.





[21]هەموو ئەوانەی کە پێم دەڵێن: خوداوەند، خوداوەند! ناچنە ناو پادشاهێتی ئاسمان،
ئەوانە نەبن کە بەخواستی باوکم دەکەن کە لەئاسمانە. [22]لەرۆژی لێپرسینەوەدا، زۆر
کەس پێم دەڵێن: خوداوەند، خوداوەند، ئایا بەناوی تۆ نەدواین، بەناوی تۆ رۆحی
پیسمان دەرنەکرد، بەناوی تۆ زۆر کاری سەرسوڕهێنەرمان نەکرد؟ [23]بەڵام لەو کاتەدا
پێیان دەڵێم: من هەرگیز ئێوەم نەناسیوە، لێم دوورکەونەوە ئەی بەدکاران!

## داناو گێل

([24]ئەوەی گوێی لەم ووتانەم دەبێت وهەڵسوکەوتی پێدەکات،
وەك پیاوێکی دانا وایە کە خانووەکەی لەسەر بەرد دروست کردبێت.
[25]کاتێك باران باری،
لافاو هەستا
وڕەشەبا هەڵیکرد
ولە خانووەکەیدا،
خانووەکەی نارووخێت،
چونکە لەسەر زەویەکی بەردین
بناغەی داناوە.



[٢٦] ئەوەش کە گوێی لەم ووتانەم دەبێتو هەڵسوکەوتی پێناکات،
لە کابرایەکی گێل دەکات خانووەکەی لەسەر لم دروست کردبێت،
[٢٧] کاتێ باران باری
ولافاو هەستا
وڕەشەبا هەڵیکرد
لە خانووەکەیدا،
خانووەکەی دەڕووخێنێ،
بەڵام ڕووخانێکی چاك)



[٢٨] کاتێ عیسا لەم ووتانە تەواو بوو، خەڵکەکە لەشێوەی فێرکردنی سەرسام بوون،
[٢٩] چونکە وەك دەسەڵاتدارێك فێری دەکردن، نەك وەك ماموستاکانیان لەشەریعەت

!

خۆزگەدەخوازریٚ بەوانەی هەژارن لەرۆح، چونکە پادشاهیٚتی ئاسمان بۆ ئەوانە.

خۆزگەدەخوازریٚ بە لیٚوبەبارەکان، چونکە دلنەوایی دەکریٚن.

خۆزگەدەخوازریٚ بە دلنەرمەکان، چونکە زەوی بۆ ئەوان بەمیرات دەمیٚنیٚتەوە.

خۆزگەدەخوازریٚ بەبرسیو تینوەکان بۆ ڕاستودروستی، چونکە تیٚر دەبن.

خۆزگەدەخوازریٚ بە بەزەییدارەکان، چونکە بەر بەزەیی دەکەون.

خۆزگەدەخوازریٚ بە دلپاکەکان، چونکە خودا دەبینن.

خۆزگەدەخوازریٚ بەئاشتی خوازان، چونکە بەڕۆلەی خودا ناودەبریٚن.

خۆزگەدەخوازریٚ بەچەوسیٚنراوان لەپیٚناوی ڕاستودروستی

چونکە پادشاهیٚتی ئاسمان بۆ ئەوانە.

خۆزگەدەخوازریٚ پیٚتان، کاتیٚ خەلك جنیٚوتان پیٚدەدەنو دەتانچەوسیٚننەوە،

لەپیٚناوی من بوختانتان پیٚ دەکەن.

دلخۆشو شادومان بن، چونکە پاداشتتان مەزنە لەئاسمان.

ئاواش پیٚغەمبەرانیان پیٚش ئیٚوە چەوساندۆتەوە